# باسی نیشانەکانی خۆشەویستی خوای گەورە بۆ بەندە

## باب علامات حب الله تَعَالَى للعبد

< كوردي >

پشتیوان سابیر عەزیز

بشتيوان صابر عەزيز

# باسی نیشانەکانی خۆشەویستی خوای گەورە بۆ بەندە

**ئایەتی قورئانی پیرۆز:**

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا مَنْ يَرْتَدَّ مِنْكُمْ عَنْ دِينِهِ فَسَوْفَ يَأْتِي اللهُ بِقَوْمٍ يُحِبُّهُمْ وَيُحِبُّونَهُ أَذِلَّةٍ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ أَعِزَّةٍ عَلَى الْكَافِرِينَ يُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللهِ وَلا يَخَافُونَ لَوْمَةَ لائِمٍ ذَلِكَ فَضْلُ اللهِ يُؤْتِيهِ مَنْ يَشَاءُ وَاللهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ ﴾[المائدة : 54].

واتا: ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە هەر کەس لە ئێوە هەڵ گەڕێتەوە لە ئایینەکەی ئەوە بە زوویی خوا لەباتی ئەوان گەل و کۆمەڵێکی تر ئەهێنێ خوا ئەوانی خۆش ئەوێ و ئەوانیش خوایان خۆش ئەوێ بەسۆز و بەزەیین بەرانبەر بڕواداران بەهێز و توند بەرانبەر بێ بڕوایان تێکۆشان دەکەن لە ڕێ ی خوادا و ناترسن لە سەرزەنشتی سەرزەنشت کاران ئەوەی باسکرا چاکەو بەهرەی خوایە ئەیبەخشێ بە هەر کەس کە خۆی بیەوێت وە خوا دەستەڵات فراوانی زانایە.(تەفسیری پوختەی قورئان).

**فەرموودەی پێغەمبەرﷺ:**

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم): {إِنَّ اللَّهَ إِذَا أَحَبَّ عَبْدًا دَعَا جِبْرِيلَ (عَلَيْهِ السَّلَام) فَقَالَ: إِنِّي أُحِبُّ فُلَانًا فَأَحِبَّهُ، قَالَ: فَيُحِبُّهُ جِبْرِيلُ، ثُمَّ يُنَادِي فِي السَّمَاءِ فَيَقُولُ: إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ فُلَانًا فَأَحِبُّوهُ، فَيُحِبُّهُ أَهْلُ السَّمَاءِ، قَالَ: ثُمَّ يُوضَعُ لَهُ الْقَبُولُ فِي الْأَرْضِ } متفق عليه .

واتا: (أبو هريرە) (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم) فەرموویەتی: (بەڕاستی خوای گەورە ئەگەر بەندەیەکی خۆش ویست، ئەوا بانگی جوبرەئیل (سەلامی خوای لێ بێت) دەکات و، پێی دەفەرموێت: بەڕاستی من فلانەکەسم خۆش دەوێت، دەی تۆش خۆشت بوێت. دەفەرموێت: ئیتر جوبرەئیلیش خۆشی دەوێت، پاشان لەئاسماندا جاڕدەدات و دەڵێ: بەڕاستی خوای گەورە فلانەکەسی خۆش دەوێت، دەی ئێوەش خۆشتان بوێت، ئیتر ئەوەی لە ئاسماندایە خۆشی دەوێت. دوای ئەوە لە زەویدا پەسەند دەکرێت).

**ڕاڤەو ڕوونکردنەوە:**

یەکەم: یەکێك لە نیشانە وبەڵگەکانی خوشەویستی خوای گەورە بریتیە لە شوێنکەوتنی پێغەمبەر(صلی اللە علیە وسلم).

دووەم: ئەگەر مرۆڤ بەڕاستی بە بەڵگە خوای خوشبوێت ئەوە خوای گەورەش ئەوی خۆش دەوێت.

سێهەم: هەر کەسێك خوای گەورە خۆشی ویست ئەوە بەختەوەری دونیا و قیامەت دەبێت.

چوارەم: هەر کەسێك خوای گەورە خۆشی ویست ئەوە لە زەویدا پەسەند دەکرێت.

پێنجەم: هەر کەسێك خوای گەورە خۆشی ویست ئەوە تەنها گوێبیستی ئەو شتانە دەبێت کە خوای گەورە پێ خۆشە.

شەشەم: هەر کەسێك خوای گەورە خۆشی ویست ئەوە تەنها ئەو شتانە دەبینێت کە خوای گەورە پێ خۆشە.

حەوتەم: هەر کەسێك خوای گەورە خۆشی ویست ئەوە هیچ کارێك ناکات بە دەستی تەنها ئەو شتانە نەبێت کە خوای گەورە پێ خۆشە.

هەشتەم: هەر کەسێك خوای گەورە خۆشی ویست ئەوە ناڕوات بۆ شوێنێك تەنها ئەو شوێنە نەبێت کە خوای گەورە پێ خۆشە.

نویەم: هەر کەسێك خوای گەورە خۆشی ویست ئەوە دوعا وپاڕانەوەی قبوڵە.

دەیەم: هەر کەسێك خوای گەورە خۆشی ویست ئەوە دەپارێزرێت لە هەموو خراپەیەك.

لە کۆتاییدا داواکارم لە خوای گەورە بمانکات بەو کەسانەی کە خۆشانی دەوێت.